## دوران بی خبری

دزین و رووتاندنەوەی "گەنجینەی زێویە"و راگواستنیان بۆ رۆژئاوا و ئیسرائیل، ئیتر ئەمڕۆ مەسەلەیەکی روونە. له ساڵی ١٩٤٦ بەدواوە "زێویە"ی سەقز هەڵکۆردراوە و راگوێزراوە هەتا دوایین کوتە سواڵەتی لێ دەرهاتوە و چیتر نەماوە.

زێویە گوندێکی شاری سەقزە و بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە - کە ناویان لەم کتێبەی نەمر"رەشید کەیخوسرەوی" دا هاتوە، دوور نییە هەمان هەگمەتانە یا ئەکباتانی پێتەختی مادەکان بووبێت. کەیخوسرەوی بۆ ماوەیەکی ٣٠ ساڵە دژ بە تالانچیانی ئەو گەنجینە بەنرخەی سەردەمی ماد و سەکاییەکان وەستا و هەندێ کەسی وەک پرۆفیسۆر گیرشمن و پرۆفیسۆر "گودار"ی لە قاو دا، کە دەستیان تێکەڵی دەستی قاچاچچییانی وەک "ئەییووب رینۆ" بوە - ئەو کەسەی کە بۆ ماوەی چەندەها ساڵ بە سەدان کرێکارەوە خەریکی هەڵکۆڵین و دۆزینی زێویە بوو و دەستکەوتکانی هەموو بردە دەرەوەی ئێران. بەداخەوە کەیخوسرەوی تەمەنی هاتە کۆتایی بێ ئەوەی هیچکام لەوانەی وا بەرپرسی ئەو رووتاندنەوە فەرهەنگییە بوون بکەونە گیر.

زێویە و شارسانییەتی ماد و سەکاکان بۆ مێژووی کۆنی پێش زایینی ناوچەی بۆکان گرنگایەتی زۆری هەیە. بۆکان بەشێک بوە لە ئیمپراتۆریەتی ماد و بۆ مێژووی ئەو سەردەمانە، هەموو سەرچاوەیەکی مێژوویی، وەک کتێب، کەرەسە، و وێنە و فیلم، دەبێ بکەونە بەر سرنج. ئەم دوو بەرگ کتێبە زانیاری زۆرمان لەسەر شوێنەکە و چۆنیەتی رووتاندنەوەی ئاراستە دەکات.

بەرگی ١ : رشید کیخسروی، "دوران بیخبری یا غارت آثار فرهنگی ایران، گنج زیویه و درد نامه روستائیان زیویه" ناشر:نویسنده، ١٣٦٤[١٩٨٥]، فارسی

بەرگی ٢ :" دوران بیخبری، کردستان و نیاکان باستانی کردان، آرامگاه رستم و ساختمان هگمتانه در آئینه باستان شناسی – منطقه زیویه و قاپلانتو"، انتشارات آفرینش، تهران، ١٣٦٩[١٩٩٠]، فارسی

